# بەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە بە بێ ئەوەی هیچ گرنگیەک بۆ ئەو قسەیە دابنێت؛ و بەهۆیەوە خوای گەورە چەند پلەیەک ئەو بەندەیە بەرز دەکاتەوە، وبەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە بە بێ ئەوەی هیچ گرنگیەک بۆ ئەو قسەیە دابنێت؛ و بەهۆیەوە دەکەوێتە نێو دۆزەخەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە بە بێ ئەوەی (ئەو بەندەیە) هیچ گرنگیەک بۆ ئەو قسەیە دابنێت؛ و بەهۆیەوە خوای گەورە چەند پلەیەک ئەو بەندەیە بەرز دەکاتەوە، وبەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە بە بێ ئەوەی (ئەو بەندەیە) هیچ گرنگیەک بۆ ئەو قسەیە دابنێت؛ و بەهۆیەوە دەکەوێتە نێو دۆزەخەوە». ولە ئەبی عبدالرحمان بیلال کوڕی حاریسی موزەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە (و ئەو بەندەیە) بیری لەوە نەدەکردەوە (بەهۆی ئەو قسەیەوە) بگات بە ئەو پلەیە؛ و (بەهۆی ئەو قسەوە) خوای گەورە ڕەزامەندی خۆی لەسەری دەنووسێت هەتاوەکو دەگاتە لای خوای گەورە، وبەندە قسەیەک دەکات دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە (و ئەو بەندەیە) بیری لەوە نەدەکردەوە (بەهۆی ئەو قسەوە) بگات بە ئەو پلەیە؛ و (بەهۆی ئەو قسەوە) خوای گەورە توڕەبوونی خۆی لەسەری دەنووسێت هەتاوەکو دەگاتە لای خوای گەورە».

صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [ئیبنو ماجە گێراویەتیەوە - بوخاری گێراویەتیەوە - تورموذی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە - مالیك گێراویەتیەوە]

بەندە قسەیەک دەکات کە دەبێتە هۆی خوای گەورە لەو بەندەیە ڕازی بێت، وئەو قسەیەش هەرشتێکە کە خوای گەورە پێی خۆشە لە ڕێنموێنی وئامۆژگاری وفێرکردن، وئەو بەندەیە بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو قسانەی ئەو ئەنجامە مەزنانەی هەبێت لە هەموویان مەزنتریش ڕازی بوونی خوای گەورەیە، و بەهۆی ئەو قسەیەوە خوای گەورە چەند پلەیەک بەرزی دەکاتەوە. و بەهەمان شێوەیە لەوەیە بەندە قسەیەک بکات کە ببێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە، وەکو غەیبەت ونەمیمەت وبوهتان کردن وهەر قسەیەکی ناڕەوای تر؛ بەهۆی ئەو قسەیە دەچێتە نێو دۆزەخەوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3608